# ئەوانەی له چاوەڕوانیدا پیربوون ..



هێمن عەبدوڵڵا / هۆڵەند

لە ماوەی چەندساڵی رابردوودا هێندەی هەواڵی نغرۆبوونی فلان کەشتی لە ئاوەکانی فلان وڵاتی ئەورووپیدا و خنکانی فیسار گەنج لە فیسار کامیۆنی بارهەڵگری تورکیدا تەنگەتاویکردین ، هێندە بە هەواڵەکانی دیکەی دنیا نارەحەت نەبووین ، چونکە لە راستیدا لە گەڵ هەر نغرۆبوونێکی کەشتییەکان، دەمانزانی کۆمەڵێک لاوی کوردی لە نیشتمان هەڵاتووش نغرۆبوون و بە خنکانی هەر کەسێکی ناو کامیۆنە تورکییەکانیش، دەمانشنەوت کە دایکێکی دیکەی کورد قژی بۆ لەدەستدانی کوڕە خنکاوەکەی دەرنییەوە .

* * *

دەمەوێ سەرگوزەشتەی ئەو کوردانەتان بۆ بگێڕمەوە کە هەشت ساڵ بەر لە ئێستا ، بە ئومێدی پێکەوەنانی ژیانێکی ئاسوودە و نوایەکی دوورەشەڕ، کوردستانیان بە جێهێشت و پاش ئازارێکی زۆر، لە ( هۆڵەند ) دا گیرسانەوە.
ئەوان دوای گەیشتنیان بە وڵاتێکی ئەورووپی ، وایانزانی ئیدی کۆتایی بەو نادڵنیایی و بێئۆقرەییەی کە شەڕەکان لە دەروونیاندا چاندبوویان هاتووە ، لێ مخابن ئەوە سەرەتای چەشتنی جۆرێکی دیکەی ئازار و نائارامی بوو کە بناغەکەی بریتی بوو لە : هێشتنەوەی پەناخوازان لە چاوەڕوانییەکی قوڵدا .. چاوەڕوانییەک کە لەسەرەتادا بڕیاروابوو بۆ چەند مانگێک بێت ، بەڵام ئێستا زۆرتر لەهەشت ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و هێشتاش دیار نییە کە چەندی دیکە درێژە دەکێشێ ! .

* * *

لە ساڵی 1997 بە دواوە ، هۆڵەند یەکێک بووە لەو وڵاتانەی کە دەرگای بە رووی کۆچی بە کۆمەڵی پەنابەراندا ئاوەڵا کردووە ، لەو ساڵانەدا بەشی زۆری پەنابەران بریتی بوون لە کوردەکان و ئەفغانییەکان. چونکە لە هەردوو وڵاتیشدا رەوشێکی نالەبار لەگۆڕێ بووە ، بۆیە

دەوڵەتی هۆڵەند چانسی گەورەی بەخشینی  مافی پەنابەرێتیی داوە بەوان و زووتر وەڵامی داواکارییەکانیانی داوەتەوە  ..
یەکێک لەو وەڵامە خێرایانەش کە لەو ساڵانەدا  هۆڵەند دایە پەنابەران ، بەخشینی مافی مانەوەی یەک ساڵی بوو کە بە ( خدوخت ) بەناوبانگە، خدوخت واتە ئیقامەیەک کە ساڵانە نوێدەکرایەوە و دوای سێ ساڵ دەبوو بە ئیقامەی ئینسانی ، مەرجی وەرگرتنی ئیقامەکەش ئەوە بوو کە پەنابەر دەبوایە قبوڵ بکات  لەسەر کەیسەکەی مافی مانەوەی ناوێت ، بەڵکو ئەوەی دەوێت  کە وەبەر بڕیارێکی تایبەت بکەوێت .. بێگومان کوردەکان  هەموویان داواکەیان پەسند کرد و مافی مانەوەی یەکساڵییان وەرگرت ، بەڵام ئەو کاتە کێشەیان بۆ خوڵقا ، کە دەسەڵاتدارانی کوردستان رایانگەیاند :  باشوری کوردستان ( باکوری عیراق!) ئارامە و هیچ هەڕەشەیەک لەسەر ژیانی خەڵکەکەی نییە ، ئیتر ئەو لێدوانە و سەردانی وەفدی فەرمیی دەوڵەتی هۆڵەند بۆ  کوردستان ، بەسبوو بۆ ئەوەی  ( خدوخت ) لە پەنابەرانی کورد بستێندرێتەوە و زۆرتر لە هەشت ساڵ چاوەڕوانی و دوورەوڵاتی ببێتە بەشێک لە ژیانیان .

*          *          *

باوەڕناکەم بینینی ئەو هاونیشتمانییانەمان کە دوای هەشت ساڵ چاوەڕوانی و لە دڵەڕاوکێدا مانەوە ، تووشی نەخۆشیگەلی دەروونی بوون ، یان ئەوانەی کە قژی وەریو و سیمای چرچتێکەوتوویان بەراورد دەکەن دەگەڵ ئەلبوومی ئەو وێنانەی لەسەرەتای هاتنیاندا بۆ هۆڵەند بە قژێکی پڕ و روخسارێکی شادو گەنجەوە کێشاویانە ، دڵمان وەخورپە نەهێنێ .
 ئەو کاتەی هونەرمەندێکی دەستڕەنگینی بێئیقامەم دیت  سیگاری حەشیشی دەکێشا و کۆنە پێشمەرگەیەکیش تەکلیفی لێدەکرد کە قومی ئاخیری بۆ ئەم بەجێبێڵێ ، لەرزیم و بە خۆمم گوت : ئایا لە وڵاتی مەشدا ، شتە حەرامەکان و بێبەشبوون ، دەتوانن هونەرمەند و کۆنە پێشمەرگە بکەنە دۆست یان نا ؟! .

*          *          *

 بە پێی یاسای زۆرێک لە وڵاتە رۆژاواییەکان ، ئەگەر پێنج ساڵ لە شوێنێکدا ژیایت ، مافی داواکردنی رەگەزنامەت هەیە ، بەڵام دەوڵەتی هۆڵەند ، دوای بورینی هەشت ساڵ ، نەک هەرمافی مانەوە نادات ،بەڵکو  بیریش  لە ناردنەوەی ئەوپەنابەرانە دەکاتەوە ، حکومەتی کوردستانیش (کە لە روانگەی ئەو پەنابەرانەوە گوناهباری یەکەمی لە چاوەڕوانیدا مانەوەیانە ) بە فەرمی هیچ هەوڵێک بۆ پرسینەوە لە مافەکانیان نادات و خۆی لەو راستییەش نەباندەکات کە ئەوانە ئەگەر بشگەڕێندرێنەوە ، گونجاندنەوەیان  لە جڤاکدا  ئاسان نییە!!.

www.hemnabdulla.blogspot.com